# سەلەفییەتی ئەمڕۆ هەڵهێنجراوی بیروڕای پێشەوای مەزهەبەکانە نەک مەزهەبێکی تازە بێت

ئەم بابەتە پوختەو کورت کراوەی پەرتوکی (اعتقاد الأئمة الأربعة)یە.

لە ئامادەکردنی: م/ خالد أحمد مصطفی.

—

الحمد لله رب العالمين و الصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .

أما بعد:

ئەوەی جێگەی سەرنج و سەرسوڕمانە ئەوەیە جارجار دەبیسترێت و بەرچاو دەکەوێت کە گوایە سەلەفیەتیش دینێکی تازەیە وگروپێکی حیزبیەو هیچ پەیوەندییەکی بە بیروباوەڕو مەنهەجی پێشەوایانی ئیسلامەوە نییە، وە بە تایبەت دەبیستین کە دەگوترێت سەلەفیەت جیایە لە بیرو باوەڕی پێشەوا مەزهەبییەکان .

جابۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز ڕاستی ئەم جۆرە قسەوباسە دروست کراوانەی بۆ دەربکەوێت بە پشتیوانی خوا بیروڕای چوار پێشەوا مەزهەبیەکان بەکورتی باس دەکەین لە ڕوانگەی بیروباوەڕو مەنهەجەوە، وەگومانیشی تێدا نییە بیرو باوەڕی ئەوانیش هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ بیروباوەڕی پێشەوایانی تابعین و هاوەڵان ´ وەلەگەڵ دەقەکانی قورئان و سوننەت.

وەزیاتر تیشك دەخەینە سەرلایەنی باوەڕ بەخواو ناوو سیفاتەکانی، وە کرۆکی واتای ئیمانە لای هەر یەکێکیان، وەهەروەها هەڵوێستیان بەرامبەر عیلمی کەلام و ئەهلی کەلام" ئەوانەی کەوتونەتە ژێر کاریگەری فەلسەفەی یۆنانی ورێچکە کەلامیەکان.

شیخ الإسلام ئیبن تەیمیە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت:

(... بەڵام پەروەردگار بەڕەحمی خۆی بەبەندەکانی وای نەکردووە

كەپێشەوایانی ئەم دینە ناكۆك ودژ بەیەك بن لەبنەما سەرەكییەكانی دیندا، بەڵكو هەمویان دژایەتی ئەهلی كەلامیان كردووە (لە جەهمییەكان) لەبارەی بیروباوەڕیان بەرامبەر قورئان وەواتای ئیمان وسیفاتەكانی خودا ٠

هەمویان یەك دەنگن لەسەر ئەو بیروباوەڕەی ـ كە سەلەفیەتی ئەمڕۆ لەسەریەتی ـ كە خودا مان لە دوا ڕۆژدا دەبینرێت وقورئان كەلامی خوایەو دروست كراو نییە، وەئیمانیش پێویستی بە تەسدیقی دڵ وزوبان هەیە و.... )(١)

وەپرسیار لە شێخ الإسلام ئیبن تەیمیە كرا (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی بیروباوەڕی ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی:

(( بیروباوەڕی شافیعی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هەمان بیروباوەڕی پێشەوایانی سەلەفە لەوێنەی مالك و ثوری و ئەوزاعی وابن مبارك واحمد بن حنبل واسحاق بن راهویە، وە هەمان بیروباوەڕی (فضیل بن عیاض) وأبوسلیمان الدارانی و سهل التستری وهاوەڵانیانن، وەهیچ جیاوازیەك نییە لەنێوانیاندا لەبنەماكانی دین دا، وە ئەو پێشەوایانە هەمان بیروباوەڕی هاوەڵانی پێغەمبەریان ﷺ هەبووە بەگوێرەی قورئان و سوننەت))(٢)٠

جا بۆ ئەوەی خوێنەری خۆشەویست‑ زیاتر دڵنیا بێت لەووتە بەنرخەكانی شێخ الإسلام ئیبن تەیمیە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، گوڵبژێرێك لە فەتواو ووتە گرنگەكانی ئەم پێشەوایانە دەكەین كەئەمانیش پێشەوا مەزهەبیەكانن (ئەبو حنیفە، مالك، شافعی، أحمد) (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت)، باباانین چ بیروباوەڕێكیان هەبوە؟ وە ئایا سەلەفییەتی ئێمەی ئەمڕۆ جیاوازە لەوەی ئەوان؟ وە بابزانین هەڵوێستیان چۆن بووە بەرامبەر عیلمی كەلام ٠

وەبۆ ئەوەی بابەتەكە زۆر درێژ نەبێتەوە تەنها تیشك دەخەینە سەر چەند لایەنێك لە بیروباوەڕیان كەئەمانەن:

١. تەوحید.
٢. ناوو سیفاتەكانی پەروەردگار.
٣. مەفهومی ئیمان.

(١) (كتاب الإيمان: ٣٥٠ -٣٥١).

(٢) (مجموع الفتاوى: ٥-٢٥٦).

٤. هەڵوێستیان بەرامبەر هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ.

٥. نەهی کردنیان لە عیلمی کەلام و ناکۆکی لە دیندا.

## بیروباوەڕی ئیمام ئەبوحەنیفە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت).

### یەکەم / تەوحید لەڕوانگەی بیروباوەڕی ئەبوحەنیفە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت):

أ- بیروباوەڕی ئیمام ابو حنیفە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەخوا بەتەنها دانان (توحید اللە) وە جیاکردنەوەی تەوەسولی شەرعی لە تەوەسولی بیدعی:

١- ئیمام ئەبو حەنیفە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (دروست نییە بۆ کەس هاوار بکاتە خوا تەنها بەم شێوازە نەبێت کەڕێمان پێدراوەو فەرمانمان پێ کراوە، کەبەناوە پیرۆزەکانی هاواری بکەینێ وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا﴾ [الاعراف: ١٨٠])[3].

٢- هەروەها دەفەرموێت: (حەرامە کە نزاکار لەپاڕانەوەکەیدا بڵێت: داوات لێ دەکەم بەهەقی فلانە کەس، یان بۆخاتری پێغەمبەر ﷺ، یان بۆخاتری کابەی پیرۆز، یان مانگە پیرۆزەکان یان...)[4].

٣- هەروەها دەفەرموێت: (دروست نییە کەهاوار بکرێتە خوا تەنها بەناوە پیرۆزەکانی نەبێت، نابێت بۆخاتری کەسی تێدا بێت، وەدروست نییە بڵێیت بۆخاتری عەرشی گەورە، یان بۆخاتری دروست کراوەکان....)[5].

### دووەم/ بیروباوەڕی ئەبو حەنیفە لە چەسپاندنی سیفاتی خوای گەورە، وە بەرپەرچ دانەوەی جەهمیەکان:

١- دەفەرموێت: (پەروەردگارمان وەسف ناکرێت بەوەسفی دروستکراوەکان. وەتوڕە بوون و ڕەزامەندی خوای گەورە (الغضب والرضا) دوو سیفەتی پەروەردگارن و بەبێ چۆنێتی، وەئەوەیش ڕای ئەهلی سوننەت و جەماعەتە کە پەروەردگارمان توڕە دەبێت وەڕازیش دەبێت، وەناگوترێت توڕە بوون بریتیە لە سزا، وەڕازی بونیشی

(٣) (الدر المختار: ٦/٣٩٦-٣٩٧).

(٤) (شرح العقيدة الطحاوية: ٢٣٤).

(٥) (نصب الراية: ٤/٢٧٢).

واتا ئەجر و پاداشت، بەڵكو وەسفی دەكەین هەروەكو چۆن خۆی وەسفی خۆی دەكات: (أحد، صمد، لم يلد، و لم يولد،لم يكن لة كفوا أحد) وەزیندووە وبەتوانایە وبیسەرە وبینەرە وزانایە، وەدەستی هەیەو بەڵام لە دەستی دروست كراوەكانی ناچێت، وەهەروەها ڕووی هەیە بەڵام لە ڕووی دروست كراوەكانی ناچێت)[٦].

٢- هەروەها دەفەرموێت: (پەروەردگارمان ئەم سیفەتانەی هەیە: (دەست، چاو، نەفس)هەروەكو چۆن لە قورئاندا باس كراوە، بەڵام بەبێ پرسیار كردن لەچۆنێتی (كیف)وەنابێت بڵێین دەست بەمانای دەسەڵات ونیعمەتە، چونكە ئەمە لەناو بردنی سیفەتێكی پەروەردگارەو تاوانێكی گەورەیە وئەمە قسەی ئەهلی قەدەرو موعتەزیلەیە)[٧] .

٣- هەروەها دەفەرموێت: (پەروەردگار لەسەرمانەوەیەو لەدوعاكانماندا ڕوو لەسەرەوە دەكەین نەك لە خوارەوە چونكە خوارو وەسفێكی ناتەواوە بۆ پەروەردگار)[٨].

٤- هەروەها دەفەرموێت: (سیفەتەكانی پەروەردگار جیاوازن لەسیفەتی دروستكراوەكانی، عیلمی هەیە بەڵام جیاوازە لەعیلمی ئێمە، هەروەها تواناو بینین وبیستن وقسەكردنی هەیە بەڵام جیاوازە لەهی ئێمە)[٩].

٥- هەروەها دەفەرموێت: (هەر كەسێك بڵێت: من نازانم خودا لەئاسمانە یان لەزەویە، ئەوا كافر دەبێت، وەهەمان تاوانی هەیە ئەگەر بڵێت: من دەنازانم لەسەر عەرشە بەڵام نازانم عەرش لە ئاسمانە یان لە زەوییە )[١٠].

٦- هەروەها دەفەرموێت: (وە قورئان كەلامی خوایەو لەپەڕاوەكاندا نوسراوەتەوەو لەدڵەكانیشدا پارێزراوە، وە بەزمانیش دەگوترێت، بۆ سەر پێغەمبەریش ¢ دابەزیوە)[١١].

٧- هەروەها دەفەرموێت:

---

(٦) (الفقه الأبسط: ٥٦).
(٧) (شرح العقيدة الطحاوية: ٢/٤٢٧).
(٨) (الفقه الأبسط: ٥١) .
(٩) (الفقه الأكبر: ٣٠٢) .
(١٠) الفقه الأبسط: ٤٦) .
(١١) (الفقه الأكبر: ٣٠١) .

(قورئان دروست کراو(مخلوق) نییە)[١٢].

سێیەم /بیروباوەڕی ئەبو حەنیفە دەربارەی (ئیمان):

١- هەروەها دەفەرموێت:

( ئیمان بریتیە لەئیقرارو تەصدیق)[١٣].

٢- هەروەها دەفەرموێت: (ئیمان بریتییە لەئیقرار بە زمان وە تەسدیق بە دڵ...)[١٤]

٣- هەروەها دەفەرموێت:

( ئیمان زیادوکەم ناکات و گۆڕانی بەسەردا نایەت)[١٥].

وە دیارە ئەبوحنیفە لەمەسەلەی بیرو باوەڕدا بەهەڵەدا چووە و ڕەئی جیاوازە لەگەڵ هەموو پێشەوایانی تری هاوچەرخی وەپێش خۆی ودوای خۆی، چونکە ئەم پێی وایە کەئیمان زیادو کەم ناکات وئیمانی هەموو موسڵمانێك وەکو یەکە، وە پێشی وایە کەکردەوەکان ناچنە ناو بازنەی ئیمانەوەو هیچ کاریگەریەکیان بۆ سەر زیاد بوونی ئیمان نییە چونکە ئیمان تەنها بەدڵ ئیقرار کردن و بەزمان تصدیق کردنە.

وە زانایان (ابن عبدالبر وە ابن أبی العز)باسیان کردووە کەگوایە ئەبو حەنیفە لەم ڕایەی پەشیمان بۆتەوە واللە أعلم[١٦].

چوارەم/بیروڕای دەربارەی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ:

١- دەفەرموێت: (نابێت باسی هیچ یەکێکیان بکرێت تەنها بەباشەو خێر نەبێت)[١٧].

٢- هەروەها دەفەرموێت: (بەڕائەت لەهیچ یەکێکیان ناکەین، وەخۆشەویستی بۆ هیچیان دەرنابڕین بەدژایەی یەکێکی تر)[١٨].

٣- هەروەها دەفەرموێت: (وەئیمانمان وایە کەباشترین کەس دوای پێغەمبەر ﷺ ئەبوبەکرە، ئینجا عومەر، ئینجا عثمان، ئینجا عەلی، ) [١٩].

---

(١٢) (الفقه الأكبر: ٣٠١).

(١٣) (الفقه الأكبر: ٣٠٤).

(١٤) (كتاب الوصية: ٢) .

(١٥) (كتاب الوصية: ٣).

(١٦) (التمهيد لإبن عبد البر: ٩/٢٤٧).

(١٧) (الفقه الأكبر: ٣٠٤) .

(١٨) (الفقه الأبسط: ٤٠) .

(١٩) (الوصية مع شرحها: ١٤) .

پێنجەم/نەهی کردنی ئەبوحەنیفە لەعیلمی کەلام وناکۆکی لەدین دا.

١- دەفەرموێت: (لەعنەتی خوا لە عەمری کوڕی عبید، چونکە ئەوبوو دەرگای عیلمی کەلامی بۆ خەڵکی کردەوە، عیلمی کەلامێك کەهیچ سودێکی نییە)[٢٠] .

٢- پیاوێك پرسیاری لەئەبوحەنیفە کردو پێی گوت: (تۆچی دەڵێیت دەربارەی ئەوانەی عیلمی کەلامیان داهێنا لە(أعراض وأجسام)؟ ئەویش ووتی: (ئەمانە قسەی فەیلەسوفەکانن، لەجیاتی ئەوە شوێن ئەسەر و ڕێچکەی سەلەف بکەوە، خۆت بپارێزە لەهەرچی داهێنراوە، چونکە بیدعەیە[٢١].

٣- وەحەمادی کوڕی ئەبوحەنیفە دەگێڕێتەوە: دەڵێت جارێکیان لەگەڵ کۆمەڵێك باسی عیلمی کەلامان دەکردو دەمانخوێند، لەو کاتەدا باوکم هاتەلامان و وتی: ئەی حماد واز لەعیلمی کەلام بهێنە، حمادیش وتی: بۆ باوکە کاتێك عیلمی کەلامت پێ دەگوتین، وەئیستاش نەهی لێ دەکەیت؟ ئەویش وتی: بەڵێ ئەی کوڕی من، من ئەمڕۆ نەهی لێدەکەم، چونکە ئەهلی کەلام لەسەریەك دین نەماون، وەبووەتە هۆی تێك دانی دین، وە شك وگومان دروست کردن وئیختلاف ودووبەرەکی دروست کرد ....)[٢٢] .

**بیروباوەڕی ئیمام مالکی کوڕی ئەنەس(ڕەحمەتی خوای لێ بێت):**

یەکەم: بیروباوەڕی بۆ تەوحید:

١- پرسیار کرا لە ئیمام مالك دەربارەی تە وحید، ئەویش لەوەڵامدا ووتی: ( مەحاڵە ئەو گومانە خراپە بە پێغەمبەر ﷺ ببرێت کە ئوممەتەکەی فێری چۆنێتی خۆ پاککردنەوەی سەر پێش ئاو کردبێت، بەڵام فێری تەوحیدی نەکردبن! تەوحید بریتییە لەوەی کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

أمرت أن أقاتل الناس حتى يقولوا لا اله الا الله)[٢٣]وە ئەوەی کەخوێن ومالّی پێ پارێزراو دەبێت تەنها تەوحیدە)[٢٤].

---

(٢٠) (تاريخ بغداد: ٣٣٣/١٣) .

(٢١) (ذم الكلام للهروي: ١٩٤) .

(٢٢) (مناقب أبي حنيفة للمكي: ١٨٣) .

(٢٣) (صحيح البخاري: ٢٦٢/٣، الرقم ١٣٩٩) .

(٢٤) (ذم الكلام: ٢١٠) .

٢- وەلیدی كوڕی موسلیم دەڵێت: ( پرسیارم كرد لە مالك و ثوری و ئەوزاعی و لیث كوڕی سعد دەربارەی ئایات وئەحادیثەكانی دەربارەی سیفاتی پەروەردگار هاتون، ئەوانیش یەكدەنگ بوون لەوەڵامدا كەدەبێت باوەڕمان بەم سیفاتانە هەبێت هەروەكو چۆن هاتووە)[٢٥].

٣- پیاوێك پرسیاری لەئیمام مالیك كردو ووتی: (چۆن(كیف) پەروەردگار ئیستوای كردوە لەسەر عرش؟ ئیمام مالكیش لەوەڵامدا ووتی: چۆنیەتیەكەی نازانین، وەواتای ئیستیواش نادیار نییە، وەباوەڕ پێ بوونیشی واجبە، وەپرسیار كردنیش لەچۆنیەتی بیدعەیە، وە واهەست دەكەم كەتۆ بیدعەچی بیت، وەفەرمانی كرد دەركرێتە دەرەوە )[٢٦].

٤- وە ئیمام مالیك(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت:

(خودا لەئاسمانەو عیلمی لەهەموو شوێنێكە)[٢٧].

دووەم/بیروڕای بۆمەفهومی ئیمان:

١- عبدالرزاق كوری همام دەفەرموێت: (گوێم لە ابن جورەیج وسفیانی ثوری ومەعمەرو سفیانی كوڕی عویەینە وەمالكی كوڕی ئەنەس بووە كەهەموو دەیانگوت: ئیمان قسەو كردەوەیە، زیادو كەم دەكات)[٢٨].

سێ یەم/ بیروڕای بەرامبەر هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ :

پیاوێك دەگێڕێتەوە دەڵێت: لەلای ئیمام مالیك دانیشتبووین، باسی پیاوێكیان كرد كەبەخراپە باسی هاوەڵانی ﷺ دەكرد، ئیمامیش ئەم ئایەتەی خوێندەوە:

﴿مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُم....﴾ [الفتح: ٢٩][٢٩].

وە ئیمام فەرمووی: (هەر كەسێك ڕق وكینەی لەدڵ دا بێت بەرامبەر هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ئەوا هەڕەشەی ئەم ئایەتە دەیگرێتەوە)[٣٠].

(٢٥) (الشريعة للآجري: ٣١٤) .
(٢٦) (الحلية: ٦/٣٢٥) .
(٢٧) (مسائل الإمام أحمد: ٢٦٣) .
(٢٨) (الإنتقاء: ٣٤) .
(٢٩) (الفتح: ٢٩) .
(٣٠) (الحلية: ٦/٣٢٧) .

### چوارەم/نەهی کردنی لەعیلمی کەلام وناکۆکی لەدین دا:

١- ئیمام مالیك دەفەرموێت: (قسەوباس لەسەر دین باش نییەو هەر لەزووەوە زانایانی مەدینە نەهیان لێ کردووەو بەتایبەت قسەکردن دەربارەی ڕای جەهمیەکان لەقەزاو قەدەر وەهەر قسەیەکی لەم بارەیەوە........، بەڵام قسە کردن لەدینی خواو، وە دەربارەی خوا (عزوجل)من بێ دەنگ بوونم پێ پەسندترە. ......)[٣١].

٢-عبدالله بن نافع دەڵێت: (گوێم لەمالیك بووە دەیووت: ئەگەر مرۆڤ هەموو تاوانێکی گەورەی ئەنجام دابێت جگە لەشەریك دانان بۆخوا، بەڵام تێکەڵی ئەهلی بیدعەو عیلمی کەلام نەبوو بێت وتۆبە بکات لەو تاوانانە، ئەوا دەچێتە بەهەشت)[٣٢].

٣-عبدالرحمن کوڕی مەهدی دەفەرموێت: (چوومە لای مالیك وپیاوێکی لابوو پرسیاری لێ دەکرد، ئیمام مالکیش فەرمووی: پێ دەچێت تۆش لە سەر ڕێچکەی(عمرو بن عبید)بیت؟ لەعنەتی خوای لێ بێت بیدعەیەکی زۆر خراپی داهێنا کەعیلمی کەلام بوو، ئەگەر عیلمی کەلام عیلمی شیاوو پەسەند بوایە ئەوا سەحابەو تابعیەکان ^ باسیان لێوە دەکرد، هەروەکو چۆن باسی ئەحکام وشەریعەتیان بۆ کردووین )[٣٣].

٤- ئیمامی شافیعی دەگێڕێتەوە: (هەر کاتێك ئەهلی بیدعەو کەلام هاتبانە لای مالیکی کوری ئەنەس، پێی دەگوتن: من لەسەر ڕێیەکی ڕوون وئاشکرام لەناسینی خواو دینی خوادا، بڕۆ تۆ گومان ودڵەڕاوێکت هەیە، بچۆ بۆ لای کەسێکی وەکو خۆت بەگومان وە باسی عیلمی کەلامی بۆ بکە)[٣٤].

## بیروباوەڕی ئیمامی شافیعی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت):

### یەکەم /بیروڕای دەربارەی توحید:

١- لە ئیمامی شافیعی دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: ڕام دەربارەی ئەو سوننەتەی کەمن لەسەری دەڕۆم وباوەڕم پێیەتی هەمان ڕای ئەهلی حەدیثە لەوانەی

(٣١) (جامع بيان العلم وفضله: ٤١٥) .

(٣٢) (الحلية: ٦/٣٢٥).

(٣٣) (ذم الكلام: ١٧٣) .

(٣٤) (الحلية: ٦/٣٢٤) .

کە من بینیومن وە دەرسم لـێوەرگرتون وەکـو سـفیان ومالیـك گـەلێکی تـریش، کـەدەبێت ئیقـرار بکـەین بەشـەهادەتی لا إلـه إلا اللـه وە محمـد رسـول اللـه، وەهەروەها ئیقرار بکەین کە خوای گەورە لەسـەر عەرشـە لـەئاسمان، وەنزیـك دەبێتـەوە لەبەنـدەکانی هـەر چـۆنێك بیـەوێت، وەپـەروەردگارمان دادەبەزێتـە ئاسمانی دونیا چۆن ویستی لـێیەتی(٣٥).

٢- وە لـەکتابی رسـالەدا دەفـەرموێت: (سوپاس بۆ ئەو خوایە ... پەروەردگارێك کـەباوەڕمان پـێ یـەتی بـەم جـۆرەی کەوەسفی خـۆی کـردوە نـەك وەکـو ئـەو وەسـفانەی کـە دروسـتکراوەکانی بـۆی دیاری دەکەن(٣٦).

٣- هـەروەها دەگێڕنـەوە لـە شـافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کەفەرمویەتی: (باوەڕمان بەهەموو ئەو سیفاتانە هەیە کە قورئان یـاخود سوننەت باسـی کـردوون، وەکو خـۆی، وەخۆمـان بـەدوور دەگـرین لەوێـچواندن (التـشبیە) کەهەنـدێك کـەس تێی کەوتون، وەباوەڕمان لـەم بارەیـەوە وەکو قورئانە کە دەفەرموێت:

﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ﴾ [الشورى: ١١](٣٧).

٤- ئیمـامی لالکـائی لـەڕەبیعی کـوڕی سلێمان دەگێڕێتـەوە کـەئیمامی شـافیعی وتویـەتی: (هـەر کەسـێك بـاوەڕی وابێـت وبڵێـت قورئـان دروسـت کـراوە (مخلـوق) ئەوا کافر دەبێت)(٣٨).

٥- وەپرسـیار کـرا لـە ئیمـامی شـافیعی دەربارەی سیفاتی پەروەردگار، ئیمانـدار چۆن دەبێـت بـاوەڕی پـێ بێـت؟ ئـەویش لەوەڵامـدا فـەرمووی : (پـەروەردگارمان چـەند نـاوو سـیفاتێکی پـیرۆزی هەیـە هـەروەکو چـۆن لـەقورئان وسـوننەت دا هاتووە کـەس بـۆی نییـە کـەباوەڕی پـێ نـەبێت، مەگـەر کەسـێك کـەبۆی ڕوون نەکرابێتەوە، ئەگینا دوای ڕوون کردنـەوە باوەڕ پێ نەبوونی دەبێتە هۆی کافربون، وەبـزانن کـەباوەڕ بـەناوو سـیفەتەکانی زانستێك نییە لە ڕێگـەی فیکرو عەقڵـەوە بێتەدی، بەڵکو دەبێت باوەڕمان بەزاهیری

(٣٥) (إجتماع الجيوش الإسلامية: ١٦٥).

(٣٦) (الرسالة: ٧،٨) .

(٣٧) (السير: ٣٤١/٢٠) .

(٣٨) ل أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة : (٢٥٢/١).

ئايات و حەدیسی سیفات هەبێت وەکو خۆی، بۆ نمونە کەدەفەرموێت:

﴿بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ﴾ [المائده: ٦٤].

ئەوە ئەگەیەنێت کەپەروەردگار دوو دەستی هەیە، وەکە دەفەرموێت:

﴿كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ﴾ [القصص: ٨٨].

ئەوە ئەگەیەنێت کەپەروەردگار ڕووی هەیە، وەکە پێغەمبەر دەفەرموێت:

(حتى يضرب الله عزوجل فيها قدمه)[٣٩].

ئەوە ئەگەیەنێت کەپەروەردگار پێی هەیە، کەدەفەرموێت:

(لقي الله عز وجل وهو يضحك إليه)[٤٠].

واتە: پەروەردگارمان پێ دەکەنێت، وەچەندین سیفاتی تر وەکو هاتنە خوارەوەی بۆ ئاسمانی یەکەم هەموو شەوێك، وەپەروەردگارمان دوو چاوی هەیە، وە ئیمانداران لە دوا ڕۆژدا بەچاوی خۆیان پەروەردگار دەبینن، وە پەروەردگارمان پەنجەی هەیە بەبەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ :

( ما من قلب إلا هو بين إصبعين من اصابع الرحمن عزوجل )[٤١]... وەئێمەش

(٣٩) (صحيح البخاري: ٨/٥٩٤، الرقم: ٤٨٤٨) .

(٤٠) (صحيح البخاري: ٦/٣٩، الرقم: ٢٨٢٦) .

باوەڕمان بە هەموو ئەو سیفاتانە هەیە هەر وەکو چۆن هاتووە، بەبێ ئەوەی تووشی وێچواندن(التشبية) ببین، ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ﴾ [الشورى: ١١][٤٢].

**دووەم: بیروڕای دەربارەی مەفهومی ئیمان:**

١ـ لە شافیعیەوە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: (ئیمان قسەو کردەوەیە، وە باوەڕی دڵیشە، ئەوەتا پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ﴾

[البقرة: ١٤٣] .

واتە: پەروەردگار نوێژەکانتان بەزایە نادات، کاتێك کەڕووتان دەکردە(بيت المقدس)، جا لێرەدا نوێژی بە ئیمان ناوبرد، کە نوێژیش هەرسێ بەشەکەی ئیمانی تێدایە قسەو کردەوەو باوەڕی دڵ ( قول وعمل وعقد)[٤٣].

٢ـ ربیعی کوڕی سلیمان دەڵێت : گوێم لە شافیعی بوو دەیگوت: ئیمان قسەو

(٤١) (مسند أحمد: ٤/١٨٢) .

(٤٢) (الإعتقاد للشافعي): (مخطوطة).

(٤٣) (الإنتقاء: ٨١) .

کردەوەیە، وەزیاد دەکات وکەم دەکات[٤٤].

سێ یەم: بیروڕای دەربارەی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ :

١-محمدی کوڕی عبداللەی کوڕی عبدالحكيم کە هاوەڵێکی ئیمامی شافیعی بوو دەرسی لای دەخوێند دەگێڕێتەوە لە ئیمامی شافیعی کەدەفەرموێت:

(باشترین(أفضل)کەس لەدوای پێغەمبەر ﷺ أبوبەکرە، ئینجا عمر، ئینجا عثمان، ئینجا علی ﵁)[٤٥].

٢-یوسفی کوری یحی البلوطي دەڵێت: (پرسیارم کرد لە ئیمامی شافیعی ئایا نوێژ لەدوای شیعە(رافضي)وە بکەم؟ ئەویش لەوەڵامدا فەرموی: نەخێر، نوێژ لەدوای شیعەو قەدەری و مورجیئەوە مەکە، منیش ووتم : ئەمانە کێن بۆم وەسف بکە؟ ئەویش فەرمووی: ئەوەی ووتی ئەبوبەکرو عمر ئیمام نین ئەوە شیعەیە، وەئەوەی وتی مرۆڤ خالقی ویستی خۆیەتی وە هیچ پەیوەندی بەویستی خواوە نییە ئەوە قەدەریە)[٤٦].

چوارەم/نەهی کردنی لەعیلمی کەلام وناکۆکی لەدین دا:

١- رەبیعی کوری سلیمان دەڵێت: گوێم لەشافیعی بوو دەیگوت: (ئەگەر کەسێك وەسیەت بکات هەموو کتێبەکانی عیلمی بۆ کەسێك بن دوای مردنی، وەلەناو ئەو کتێبانەدا کتێبی عیلمی کەلامی تێدا بێت، ئەوا کتێبە کەلامیەکان ناچنە ناو بازنەی وەسیەتەکەوە، چونکە کتێبی کەلام بەعیلم دانانرێت)[٤٧].

٢- ئیمامی شافیعی دەفەرموێت: (هەرگیز گفتوگۆ (مناقشه)م لە عیلمی کەلام دا نەکردووە تەنها جارێك نەبێت، وەداوا لە خوا دەکەم کەلەم جارەش لێم خۆش بێت)[٤٨].

٣- هەروەها دەفەرموێت: (ئەگەر بمەوێت لەسەر هەر دژ ڕایەکم کتبێك بنوسم دەتوانم، بەڵام دژ ڕایانی ئەهلی کەلام

---

(٤٤) (مناقب الشافعي: ١/٣٨٧) .
(٤٥) (مناقب الإمام الشافعي: ١/٤٣٣) .
(٤٦) (ذم الكلام: ٢١٥) .
(٤٧) (ذم الكلام: ٢١٣) .
(٤٨) (ذم الكلام: ٢١٣) .

بابـەتی مـن نـین وە نامـەوێت وشـەیەك لەمنەوە ببیسترێت لەعیلمی کەلامدا)[٤٩].

٤- هەروەها دەفەرموێت: ( پـەروەردگار بەهەرچی تاوانێك جگـە لەشـەریك دانـان تاقیت بکاتەوە، باشترە لەوەی بە چوونە ناو عیلمی کەلام تاقیت بکاتەوە)[٥٠].

## بیروباوەڕی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل(ڕەحمەتی خوای لێ بێت):

### یەکەم/بیروڕای دەربارەی تەوحید:

١- ئیمـامی ئەحمـەد فەرموویـەتی: (وەسـفی خـوا بکـەن بـەو جـۆرەی کـە وەسـفی خـۆی کـردووە، وەپـەروەردگار بەدوور بگرن لەهەموو سیفەتێك کە خـۆی لێ بەدوور گرتووە)[٥١].

٢- ئەبوبـەکری مـروەزی دەڵێـت: (پرسـیارم کـرد لـەئیمامی ئەحمـەد دەربـارەی ئـەو حەدیـسانەی سـیفات کەجەهمیـەکان ڕەتـی دەکەنـەوە" وەکـو بیـنین و ئیـسراو عـەرش و ... لەوەڵامـدا ووتی: ئەم حەدیسانە هەمووی صەحیحن، وەزانایانی ئوممەت پەسـەندیان کـردوون، بۆیە دەبێت چۆن هـاتوون ئـاوا باوەڕمـان پێیان هەبێت)[٥٢].

### دووەم/بـیروڕای دەربـارەی مەفهوومی ئیمان:

١- ئیمامی ئەحمەد فەرموویەتی: (ئیمان زیـادو کـەم دەکـات، هـەروەکو چـۆن لـە حەدیسدا هاتووە:

(أكمـل المـؤمنين إيمانـاً أحـسنهم خلقاً)[٥٣])[٥٤].

٢- عبدالله کوڕی ئیمام ئەحمەد دەڵێت: (گـوێم لـەباوکم بـوو پرسـیاری لـێ کـرا دەربـارەی بـیرو ڕای مورجیئـەکان (الإرجاء)، ئەویش لەوەڵامدا ووتـی: ئێمـە دەڵێین ئیمان قسە و کردەوەیە، وەزیـادو کـەم دەکـات، ئەگـەر مرۆڤـ زینـای کـرد یـاخود ئـارەقی خـواردەوە بـێ گومـان ئیمانەکەی دادەبەزێت و کەم دەکات)[٥٥].

### سـێ یـەم/بـیروڕای دەربـارەی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ:

(٤٩) (ذم الكلام: ٢١٥).
(٥٠) (مناقب الإمام الشافعي: ١٨٢).
(٥١) (مناقب الإمام أحمد: ٢٢١).
(٥٢) (طبقات الحنابلة: ٥٦/١).
(٥٣) (مسند أحمد: ٢٥٠/٢).
(٥٤) (مناقب الإمام أحمد: ١٧٣).
(٥٥) (السنة لعبدالله بن أحمد: ٣٠٧/١).

١- ئیمامی ئەحمەد فەرمویەتی: (لەسەر سوننەت بوون ئەوەیە کە بەچاکە باسی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بکەیت، وەهەمویان بێجیاوازی، وەبەهیچ جۆرێك باسی کەم و کوڕی هیچیان نەکەیت، وەباسی ئەو ناکۆکیانە نەکەیت کە ڕوی داوە لە نێوانیاندا، وەهەر کەسێك جنێو بە هاوەڵان ﭫ بدات ئەوە بیدعەچییە، شیعەیەکی بەد وخراپە، خوای گەورە لێی خۆش نابێت ...بەڵکو خۆش ویستنی هاوەڵان ﭫ نیشانەی دەست گرتنە بە سوننەت، وەدوعا بۆکردنیان لەخوا نزیکت دەکاتەوە، وەشوێن کەوتنیان وەسیلەیە، وەکارکردن بەقسەو کردەوەکانیان مایەی سەرفرازی و سەربەرزییە)[٥٦].

٢- عبدالله کوڕی ئیمام ئەحمەد دەڵێت: (پرسیارم کرد لە باوکم دەربارەی باشترینی ئیمامەکان؟ ئەویش لەوەڵام دا وتی: باشترینیان ئەبوبەکرە ئینجا عمر ئینجا عوسمان ئینجا علی ﭬ )[٥٧].

## چوارەم /نەهی کردن لەعیلمی کەلام و ناکۆکی لە دین دا:

١- موسی کوڕی عبداللە الطرسوسي دەڵێت: گوێم لەئەحمەدی کوڕی حەنبەل بوو دەیگوت: (لەگەڵ ئەهلی کەلام دامەنیشن، ئەگەر ئەوان دیفاعیش لەسوننەت بکەن )[٥٨].

٢- هەروەها ئیمامی ئەحمەد فەرمویەتی: (گوێم لە باوکی عبداللە بوو دەیگوت: تکایە دەست بگرن بەحەدیس و سوننەتەوە تا پەروەردگار بەختەوەرتان بکات پێی، وەتکایە دوور بکەونەوە لە جیدال و قسەو باس لەسەر دین، چونکە ئەو کەسە سەرفراز ورزگار بوو نابێت کە ئەم ڕەفتارانەی هەبێت، وەعیلمی کەلامی هەبێت، وەهەر کەسێك هەر جۆرە قسەو کەلامێك دابهێنێ، ئەوا کۆتا ئەنجامەکەی بەرەو بیدعەتە، چونکە قسە و باس خێری پێوە نییە، بۆیە من عیلمی کەلامم پێ پەسند نییەو جیدالێکی خراپە، وەلەجیاتی ئەوە ڕوو بکە فێربوونی

---

(٥٦) (كتاب السنة: ٧٧، ٧٨) .

(٥٧) (السنة: ٢٣٥) .

(٥٨) (مناقب الإمام أحمد: ٢٠٥) .

سووننەت وفیقە، چونکە ئەمە سوودی هەیە)[٥٩].

٣- وە ئیمامی ئەحمەد فەرمویەتی: (ئەگەر کەسێکت بینی عیلمی کەلام وقسە و باس و جیدالی حەز لێ بوو، لێی دوور بکەوە)[٦٠].

لەکۆتایی دا:

ئەی خوێنەری خۆشەویست: لەم گەشتە خێرایەدا بۆمان دەرکەوت کە چوار پێشەوا مەزهەبیەکانمان کۆدەنگن لەبنەما بنەڕەتیەکانی عەقیدە و بیرو باوەڕ، تەنها خیلافێکی بچوك نەبێت کەئیمام ئەبو حەنیفە لەمەسەلەی مەفهومی ئیماندا هەیەتی، وەلەگەڵ ئەوەشدا ڕای چەند زانایەکمان باس کرد گوایە پێ دەچێت ئیمام ئەبو حەنیفە پەشیمان بو بێتەوە لەم ڕایەی خۆی.

کەواتە ئەم عەقیدە پیرۆزە شایستەی ئەوەیە کە موسڵمانان کۆببنەوە لەسەری، هەروەك چۆن ئیمامەکان کۆبوون تیایدا، وەواز لەپەرتەوازەیی و حیزبایەتی بهێنن.

وە إن شاء الله ئەم شك وگومانە لەدڵی موسڵماناندا جێی نابێتەوە کەوا بزانن مەسەلەی عەقیدە تەنها سەلەفییەکانی ئەمڕۆ باسی لێوە دەکەن و دایان هێناوە، وە یاخود وابزانن کە عەقیدەی پێشەوا مەزهەبیەکان جیاوازە لەوەی کەزانا سەلەفییەکانی ئەم سەردەمە پیادەی دەکەن و بانگەوازی بۆدەکەن .

بەو هیوایەی کە ئەم بیروباوەڕە پیرۆزە زیاتر لەدڵەکانمان دا دابمەزرێ و ببێتە هۆی گەڕانەوەمان بۆکار کردن بەقورئان و سوننەت، وە وازهێنان لە هەموو کارێکی حیزبایەتی و تەفرەقەو بیدعەت .

وصلى الله على سيدنا محمد و على آله وصحبه وسلم.

---

(٥٩) (الإبانة: ٢/٥٣٩) .

(٦٠) (الإبانة: ٢/٥٤٠) .